www.kurdistannet.org
24-10-2006 20:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ستیڤان شەمزینی و ئەودیوی دەرگاکان.... خالید مەجید فەرەج ..

ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

ئەگەر هەڵە نەبم چەندساڵێک لەمەو بەر لەشاری سلێمانی، بەڕێز کاک ستیڤان شەمزینیم بەهۆی چالاکیەوە لەبواری رۆژنامەگەریدا ناسی، و ئەوکاتانە دەمگووت ئەمڕۆ لە کوردستان خەڵکانێکی زۆر دەستیان داوەتە کاری رۆژنامەوانی، و زۆربەی زۆریان رەنگە ئارەزوی نووسینی ئەدەبیان هەبێ، بەڵام داخۆ زمانی رۆژنامەوانی و زمانی ئەدەبیان لێتێکەڵاو نابێت، وەیان نەبووە؟ چوونکە ئەو زمانەی کە ڕاپۆرتێکی پێ دەنووسرێ زمانێکی راستەوخۆ واتا تەقریریە، و دوورە لە فەنتازیا و تێکەڵکردنی هەست و سۆزی نووسەرەکەی، هەروەها وەستان لە سەر کەناری سڕە جوانەکانی فێر بوونی ئەوکارە، بەهرەو توانەیەکی نائاسایی دەوێ، داخۆ لەو بەڕێزەو هەموو ئەو خۆشەویستانەی تر دا هەیە، کە بەبێ پشت گیری و دەست گیرۆیی دامەزراوەیەکی رەسەنی رۆژنامەوانی، خۆیان لە قەرەی ئەو ئەرکە قورسە داوە؟ ئەوپرسیارانە ڕاستە پێش وەخت بوون، بەڵام مەشروع بوون، دڵە ڕاوکێی کەسێک بوو کە سۆزی بۆ ئەوپیشەیە هەبوو، و ئاواتەخوازبوو کە ئاستی ڕۆژنامەگەری کوردوستانیش، وەکو هەموو وڵاتانی دیکەی ئەودونیایە، لەئاستی بەر پرسێتی دا بێت، و بە تەکنیکێکی بەرزیشەوە ببێتە دەسەڵاتی چوارەمین. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە، کە ڕۆژنامەوان هەردەرگایەک پێویست بێ بزانێ، کە لەودیویەوە چ باسە بەبێسڵەمینەوە لەبەندو کۆتی عورفە کۆمەڵایەتیەکان، و قانونیەکانی دەسەڵات بیانکاتەوە، و ئەوەی خەڵک بە چرپەو سرپە باسیان دەکەن، ئەم بیانکاتە بەدواچوونی ڕۆژنامەوانی، و بیان خاتە سەر لاپەڕەی بڵاوکراوەکان، پیشەیی لە کاری ڕۆژنامەوانیدا، وا لە کەسانی بەدوادا داچوودا دەکا، سیقەیەکی تەواویان بە رۆژنامەوان هەبێت، کە تایبەتمەندیەکانیان دەپارێزێت، ئیتر هەموو گرێکانی دڵیان بەبێ ترس لای دەکەنەوە، بەوەش لێکۆڵینەوەکە مەبەستە مەعریفی کۆمەڵایەتیەکەی خۆی بە ووردی دەپێکێ. ئەوەی لە زنجیرە بەدوا چوونەکانی کاک ستیڤان شەمزینیا کە سەبارەت بە لەزەت فرۆش و دەڵاڵەکانیان کردونی، ئەوخەونەی بەندەو دەیەها دڵسۆزی بواری ڕۆژنامەوانی کوردی دێنێتە دی، کە ئێستا ئەتوانین بڵێین ئێمەی کوردیش ڕۆژنامەوانمان هەیە.

kaledmajeed@hotmail. com